سەرۆک وەزیران سەرکایەتی دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بالای کاروباری ژنان دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە سەرکایەتی دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بالای کاروباری ژنانی کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باویکردووە کە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی لیژنەی پەرلەمان بۆ ژنان و خێزان و منداڵان خاتوو دونیا عەبدولجەبار شەمری ئامادەبوو و تاوتوێی یاسای پاراستنی منداڵان و گرنگی هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەی یاسادانان کرا بۆ تەپڕاندنی ئەم یاسا گرنگە لە ئەنجومەنی نوێنەران، هەروەها گفتوگۆ کرا لەسەر پرۆژە یاسای پاراستنی توندوتیژی خێزانی و کاریگەرییەکانی لەسەر بەهێزکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە عێراق.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجومەنەکە گفتوگۆی گرنگی ئەنجامدانی کەبەندی عەرەبی بۆ ژنانی کرد لە بەغدا بۆ تاوتوێکردنی گرنگترین بابەتەکانی ژنانی عەرەبی و بوارە پێوەندیدارەکانی ئەولەویەتی سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ئەنجومەنەکە تاوتوێی گرنگی بنیاتنانی دامەزراوەیی کرد بۆ ژنان لە جومگەکانی دەوڵەتی عێراقدا

لەگەڵی جەختکردنەوە لە پشتیوانیکردنی بەشەکانی کاروباری ژنان لە ئەو وەزارەت و پارێزگا و دامەزراوانەی کە پەیوەندییان بە وەزارەتەکەوە نییە، هەروەها وەزیری دارایی وەک جێگری ئەنجومەنی باڵای کاروباری ژنان دەست نیشان کرا.